# Reflection of political discourse in news content in new media It is an analytical study of the news of NRT website

Mohammed Abdullah Mahmood [1], Aryana Ibrahim Mohammad [2]

[1]Political discourse, news, new media

[2]Media Department, College of Arts, Salahaddin University-Erbil

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2473.07*

*Published: 23/12/2024*

## *Abstract*

*The aim of this study is to identify the frameworks, reference forces and active forces used in the political discourse of the new Kurdish media to describe political issues and events. The study is a descriptive study using survey method and relied on content analysis approach. The research community includes news websites, including NRT website, which was identified as a sample of research and analysed 435 news websites during the year between 1/11/2021 and 31/10/2022. The most important findings of the study are that most of the frameworks used in the site were responsibility, conflict and economic consequences of issues and events in the Kurdistan Region, criticizing the two main forces of governance and the experience of self-government.*

***Keywords:*** *Political discourse, news, new media*

# ڕەنگدانەوە گوتاری سیاسی لە ناوەڕۆکی هەواڵی لە میدیای نوێدا

## توێژینەوەیەکی شیکردنەوەییە بۆ هەواڵەکانی سایتی NRT

محەمەد عەبدوڵڵا مەحمود
قوتابیی دکتۆرا لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر/ کۆلێژی ئاداب/ بەشی ڕاگەیاندن
Kalari79@yahoo.com

پ. د. ئاریانا ئیبراهیم محەمەد
مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر/ کۆلێژی ئاداب/ بەشی ڕاگەیاندن
Aryana.mohmad@su.edu.krd

پوختەی

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیاریکردنی ئەو چێوە و هێزە مەرجەع و هێزە کارایانەی لە گوتاری سیاسیی میدیای نوێی کوردیدا بەکارهاتوون، بۆ وێناکردنی پرس و ڕووداوە سیاسییەکان. توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی وەسفییە و میتۆدی ڕووپێوی بەکارهێناوە، پشتی بە ڕێگەی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەستووە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە سایتە هەواڵییەکان لە نێویاندا سایتی NRT وەک نموونەی توێژینەوە دەستنیشانکراوە، شیکردنەوە بۆ (٤٣٥) هەواڵی سایتەکە لە ماوەی ساڵێکی تەواو (٢٠٢١/١١/١ تاوەکو ٢٠٢٢/١٠/٣١) کراوە. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیانگەیشتووە، ئەوەیە؛ زۆرترین ئەو چێوانەی لە سایتەکەدا بەکارهاتوون بەرپرسیارێتی، ململانێ و ئەنجامە ئابوورییەکان بووە لە ئاست پرس و ڕووداوەکانی هەرێمی کوردستان، بە ئاڕاستەی ڕەخنەگرتن لە دوو هێزی سەرەکیی حکومڕان و ئەزموونی خۆبەڕێوەبردنی هەرێم بەکارهێنراوە.

**وشە کلیلییەکان:** گوتاری سیاسی، هەواڵ، میدیای نوێ

# ڕەنگدانەوە گوتاری سیاسی لە ناوەڕۆکی هەواڵی لە میدیای نوێدا

# توێژینەوەیەکی شیکردنەوەییە بۆ هەواڵەکانی سایتی NRT

## ١- پێشەکی

### ١-١- پێشەکی

لەگەڵ دەستپێکی ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە بواری حوکمڕانێتی و خۆبەڕێوەبردندا لەوەتەی ساڵی ١٩٩٢ەوە، میدیای کوردیش وەک کایە و دامەزراوەیەکی گرنگ لە پرۆسەی سیاسیدا دەرکەوت، بە جۆرێک لەپاڵ بوونی میدیای فەرمی، زۆربەی پارتە سیاسییەکان ئامرازی میدیای تایبەت بە خۆیان هەبوو، لەو کاتەوە میدیا وەک سەرچاوەیەکی کارای بەرهەمهێنانی گوتاری سیاسی کاری لەسەر کراوە و بەکارهێنراوە.

لە سەرەتای هەزارەی سێیەم و بە هاتن و دەرکەوتنی تەکنەلۆژیا و میدیای نوێ، توانای پەیوەندیکردنی سیاسی زۆر زیادیکرد لە گەیاندنی خێرا و سەرنجڕاکێشی گوتاری سیاسی بە جەماوەرێکی بەرفراوان، بەبێ گوێدانە بەربەستەکانی سنوور و کات و پانتایی، تەنانەت دەرگایەکی گەورەی بە ڕووی جەماوەری بەکارهێنەر والاکرد، کە لە ڕێگەی کارلێکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ پەیام و گوتاری سیاسیدا، جارێکی دیکە لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییەدا ببنە سەرچاوەیەکی دیکەی بەرهەمهێنانی گوتاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا.

سایتە هەواڵییەکان بەشێکی گرنگی میدیای نوێن لە هەرێمی کوردستاندا و، سەرچاوەیەکی دیاری زانیاری و هەواڵن، ئەو ڕەخنە و سەرنجانەی لە چوارچێوەی ژانری هەواڵدا ئاراستەی گوتار و پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا دەکرێت، بۆتە بەشێکی بەرچاوی ناوەڕۆکی ئەو سایتە هەواڵییانە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت تیشکبخرێتەسەر پرۆسەی چوارچێوەبەندیی هەواڵ لە ڕووماڵی سایتی ئەلیکترۆنیی NRTدا، لە ماوەی نێوان ٢٠٢١/١١/١ تا ٢٠٢٢/١٠/٣١ بۆ هەڵسەنگاندنی گوتاری سیاسی لە ناوەڕۆکە هەواڵییەکەیدا.

١-٢- کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەوە سەرچاوەدەگرێت، کە ناڕوونییەک هەیە لەوەی میدیای نوێ لە ڕێگەی ناوەڕۆکە هەواڵییەکانییەوە، چۆن لایەن و ڕەهەندەکانی گوتاری سیاسی دەرخستووە و شیکردووەتەوە و هەڵیسەنگاندووە؟

١-٣- ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە: دیاریکردنی ئەو چێوانەی لە هەواڵی سایتی NRTدا بەکارهاتوون، بۆ وێناکردنی پرس و ڕووداوە سیاسییەکان و، دیاریکردنی پێگەی هێزە مەرجەعییەکان لە هەواڵەکانی سایتی NRTدا لە ئاڕاستەکردنی گوتاری سیاسیدا، هەروەها دیاریکردنی ڕۆڵی هێزە کاراکان لە ناوەڕۆکی هەواڵە سیاسییەکانی سایتی NRTدا.

١-٤- پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

گرنگترین پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیە، بریتین لە:

١- ئەو چێوانە کامانەن کە لە هەواڵی میدیای نوێدا بەکارهاتوون، بۆ وێناکردنی پرس و ڕووداوە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان؟

٢- ئەو هێزە مەرجەعیانە کامانەن، کە وەک سەرچاوەیەکی باڵا لە گوتاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان وێناکراون؟

٣- ئەو هێزە کارایانە کامانەن، کە لە هەڵسەنگاندنی گوتاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان، وەک بکەری ڕووداو و ناوەڕۆکی هەواڵە ڕەخنەئامێزەکان دەردەکەون؟

١-٥- گرنگیی توێژینەوەکە:

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لە دوو ڕوانگەوەیە، توێژینەوەکانی شیکردنەوەی گوتار گرنگیی زۆریان هەیە بەوەی لایەنەکانی گوتار و جۆری گوتاری سیاسی یان میدیایی دەربخەن. هەروەها

جەختکردنەوە لەسەر پرۆسەی چوارچێوەبەندیی هەواڵ بایەخدارە، بۆئەوەی ئاستی بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە ڕەگەزەکانی ئەو تیۆر و پرۆسەیە لە میدیای نوێدا بزانین.

٢- پێداچوونەوە بە دەق و توێژینەوەکانی پێشوودا

١-٢- پاشخانێکی مێژوویی لەبارەی بابەتەکەوە

گوتاری سیاسی کۆمەڵێک تێڕوانینی تیۆری و چەمک و پێشنیازی ڕێکخراوە لە چوارچێوەیەکی لۆژیکی لەبارەی واقیعی سیاسی لە کۆمەڵگەیەک لە چوارچێوەیەکی مێژوویی دیاریکراودا و، خستنەڕووی چارەسەر بۆ کێشەکانی و دیاریکردنی سروشتی پەیوەندییەکانی بە ژینگەی هەرێمی و نێودەوڵەتی. هەروەها وێناکردنی واقیع و نوێنەرایەتیکردنیتی بە شێوەیەکی کردەیی، واتە لە ڕووی تیۆرییەوە لە سیستەمێک لەو چەمکانەی کە مۆرکێکی گشتی و دیاریکراویان هەیە، هەروەها سیستەمێک لە بیرۆکەی ئاراستەکراوە بۆ کارکردن، ڕەنگدانەوەی واقیعە و هاندەرێکی بزوێنەرە بۆ گۆڕینی (محمد، ١٩٨٥: ١٨).

گوتاری سیاسی مەبەستدارە و دەیەوێت کاریگەری لەسەر وەرگر بکات و قەناعەتی پێ بهێنێت، بۆئەوەی ئەو بیرۆکە و بەهایانەی لەخۆیگرتووە، بۆ مومارەسەی ڕەفتاری بگۆڕێت، کە لەگەڵ ئامانجەکانی نێرەر بگونجێت و، هەوڵی دروستکردنی ڕای گشتی دەدات لای جەماوەر بۆ گۆڕینی ڕەفتاریان لەبارەی بیرۆکەیەک (جليل وادي حمود، ٢٠٠٠، ٤٧).

گوتاری سیاسی تەنیا ناوەڕۆکی زانیاری لەخۆناگرێت، لەکاتێکدا زانیاری یارمەتیی تاک دەدات لە بونیادنان یان ڕێکخستنی لایەنەکانی دۆخی دەوروبەری پەیوەست بەو بارەی لە چوارچێوەیدا کاردەکات یان ڕەفتارێکی دیاریکراوی تیا دەنوێنێت، بەڵکو بونیادی بیرۆکە و ڕا و ئاراستە سیاسییەکان لەخۆدەگرێت، بەهۆیەوە تاک دەتوانێت لە ڕووی تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانیەوە لە پێکهاتەی سیستەمێکی سیاسیی دیاریکراو تێبگات (رشتي، ١٩٧٥، ٦٥).

گوتاری سیاسی پێویستی بە زمانێکی سیاسی و میدیایی سەربەخۆیە، لەبەرئەوەی ناوەڕۆکی زمان بە لای زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگەوە گرنگە. گرنگیی زمانی سیاسی لە گرنگیی ئەو

کەسایەتییانەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەدوێن، پێگە وەزیفییەکەیان لە سیستەمی سیاسی لە کۆمەڵگەدا، ڕێگەیانپێدەدات لە قۆناغی دووان لەبارەی پرسە گرنگەکانەوە بچنە قۆناغی بڕیاردانی گونجاو لەبارەیانەوە، هەروەها ئەوەی گرنگیی زمانی سیاسیش زیاتر دەکات ئەوەیە لە ڕێگەی ئامرازەکانی ماس میدیاوە دەگوازرێتەوە (البشر، ٢٠٠٨، ٩٧).

بەوپێیەی گوتاری سیاسی بریتییە لە گوتاری دەسەڵات بۆ جەماوەر، ئامانجی ئەوەیە ئەجێندا و بیرۆکە و ڕوانگەکانی دەسەڵاتێکی سیاسی بە جەماوەری بەئامانجگیراو بناسێنێت، واتە دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێی گوتارە سیاسییەکەیەوە ئاراستە سیاسییەکانی بۆ جەماوەر ڕووندەکاتەوە (فرح، ١٩٧٩، ص١٠).

٢-٢- چوارچێوە و شیکردنەوەی چەمکەکانی توێژینەوەکە

دیارترین ئەو چەمکانەی لە ناونیشانی توێژینەوەکەدا بەکارهاتوون بریتین لە:

٢-٢-١- **گوتاری سیاسی:** مەبەست لە گوتاری سیاسی لەم توێژینەوەیەدا، کۆی هەڵوێستی گوتراو و نووسراوی کاراکتەرە سیاسییەکانە لەسەر ئاستی فەرمی (کە حکوومەت و دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری دەگرێتەوە) و، ئاستی نافەرمی کە (پارت و کەسایەتیی سیاسی و ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی... هتد) دەگرێتەوە.

٢-٢-٢- **هەواڵ:** ژانرێکی سەرەکیی ڕۆژنامەوانییە و زیاتر بایەخ بە گواستنەوەی زانیاری دەدات، سەبارەت بە پرسە گرنگ و هەنووکەییەکان، هەندێ جار هەواڵ لە ڕێگەی تیشکخستنەسەر لایەنە نەرێنییەکان، وەک ئامرازێکی ڕەخنەگرتن لە گوتار و پرۆسەی سیاسی بەکاردەهێنرێت.

٢-٢-٣- **میدیای نوێ:** لەم توێژینەوەیەدا، میدیای نوێ بریتییە لە هەموو شێوە و ناوەڕۆکێکی ئەلیکترۆنیی میدیا لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بڵاو و پەخشدەکرێن، کە ناتوانرێت بخرێتە خانەی ئامرازە کۆنەکانی میدیاوە، وەک سایتە هەواڵییەکان و سۆشیال میدیا و بلۆگ و ئامرازەکانی دیکەی میدیای نوێ.

٢-٣- پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەیی بە توێژینەوەکانی پێشوو:

توێژەر سوودی لە چەند توێژینەوەیەک وەرگرتووە کە لە ناونیشانە سەرەکییەکەی ئەم توێژینەوەیە نزیکن، کە بریتین لە:

**١-٣-٢- تێزی دکتۆرای "ئیبراهیم سەعید فەتحوڵلا" بە ناونیشانی "گوتاری میدیایی لە ڕادیۆ نێودەوڵەتییەکانی ئاراستەکراو بۆ کورد"، ٢٠١٢:** توێژینەوەیەکی وەسفییە، میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەکارهێنراوە بۆ تاوتوێکردنی گوتاری میدیایی لە بەشی کوردیی هەردوو ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا و دەنگی ڕووسیا. ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە: دەستنیشانکردنی ئەو بابەتە سەرەکییانەی کە لە گوتاری میدیاییی ئەو دوو ڕادیۆیە جێیبایەخبوونە و، خستنەڕووی ئاماژەکانی ئەو بایەخدانە و، ئاماژەکردن بە کەسایەتییە سەرەکییەکان نێو گوتارەکە، لە میانی بڕگە هەواڵی و پڕۆگرامییەکانی هەردوو ڕادیۆکە، هەروەها گرنگترین ئەو پرسانەی دەرخستووە کە گوتاری میدیاییی هەردوو ڕادیۆکە زەقی کردوونەتەوە. لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش: پشت بە زیاتر لە سەرچاوەیەکی هەواڵ دەبەستن بۆ ئاڕاستەکردنی گوتارەکانیان، هەروەها بایەخدانیان بە پرس و ڕووداوە سیاسییەکان لە پێشەوەی بڕگە هەواڵییەکانیانە، پرسە سیاسییەکانی هەرێمی و کوردستان و عێراقیش لە گرنگیدانە لەپێشینەکانیان بووە.

**٢-٣-٢- توێژینەوەی "د. میرال مصطفی عبدالفتاح" بە ناونیشانی "گوتاری میدیایی سایتە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە هەواڵییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕووماڵکردنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی میسر"، ٢٠١٧:** توێژینەوەکە وەسفییە و میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەکارهێناوە بۆ گوتاری هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی میسر لە سایتە هەواڵییەکانی ئەلجەزیرە، ئەلعەرەبییە، ڕووسیا ئەلیەوم و ئەلحورە، لە ماوەی نێوان ٢٠١٥/٩/٣٠ تا ٢٠١٥/١٢/١٨. ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە: شیکردنەوەی ئەو ڕەگەزانەی تایبەتن بە پرسەکانی گوتار لەبارەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان لە سایتە ئەلیکترۆنییەکان، هەروەها دیاریکردنی هێزە کاراکان و ئەو ڕۆڵانەی دراونەتە پاڵ ئەم هێزانە لە گوتاری هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان لە سایتەکان. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە

پێیگەیشتووە: بە ئاراستەیەکی ئایدۆلۆژیی دیاریکراو ڕووماڵی ئەم بابەتەی کردووە، هەروەها هێزە کاراکان زۆرن و تایبەتمەندی و ئەو ڕۆڵانەی دراونەتە پاڵیان جیاوازن، بە جۆرێک لەگەڵ بیرۆکەکانی هەریەک لەو ماڵپەڕانە بگونجێت.

**٣-٢-٢- توێژینەوەی "د. رباب عبدالمنعم التلاوی" بە ناونیشانی "شیکردنەوەی ئاکاریانەی گوتاری میدیایی لە سایتە هەواڵییە ئەلیکترۆنییەکاندا"، ٢٠١٧:** توێژینەوەکە وەسفییە، میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پەیڕەوکردووە بۆ چوار سایتی ئەلیکترۆنی، بە ئامانجی: شیکردنەوەی گوتاری میدیایی بۆ ناوەڕۆکی هەواڵی سایتەکانی نموونەی توێژینەوە، لە ڕوانگەی ئامانج و ئامراز و شێوازی بەکارهاتوو، هەروەها دیاریکردنی هێزە کاراکان و ئەو ڕۆڵانەی لە گوتاری میدیایی سایتەکان خراوەتە پاڵیان. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە بریتییە لە: ئەو هەواڵە سیاسییانەی لەبارەی دەسەڵات و حکوومەتن لە ڕیزبەندی پێشەوەن لە نموونەی توێژینەوە و، کەم پابەندبوون بە وردیتی لە کاتی ڕووماڵکردنی ڕووداوەکاندا و، زاڵبوونی ڕا و لایەنگیریی هەواڵسازان لە ناوەڕۆکی هەواڵدا، هەروەها وێنەشێواوی و نادیاریی سەرچاوەی زانیاری ڕەنگدانەوەی لەسەر ناوەڕۆکی بەشێک لە هەواڵەکاندا هەیە.

لە میانی چاوخشاندنەوە بەو توێژینەوانەی پێشوو، دەکرێت بڵێین: توێژینەوەکان بە شێوەیەکی سەرەکی کاریان لەسەر پرسە سیاسییەکان کردووە، کەمتر بایەخیان بە پرسەکانی دیکە داوە. هەروەها توێژینەوەی ئێمە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو خاڵی هاوبەشی هەیە لە ڕووی یەکە سەرەکییەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆک و شیکردنەوەی گوتار، بەڵام ئەوەی توێژینەوەکەی ئێمە لەوانی تر جیادەکاتەوە، جیاوازیی نموونەی توێژینەوە و شیکردنەوەی کۆمەڵێک یەکەی سەرەکییە لە ناوەڕۆکی هەواڵەکاندا.

٣- میتۆدۆلۆژیا و تیۆری بەکارهاتووی توێژینەوەکە

٣-١- چوارچێوەی تیۆری بەکارهاتووی توێژینەوەکە

تیۆری چوارچێوەبەندیی هەواڵ (News Framing Theory)

١-١-٣- ناساندنی تیۆرەکە

تیۆری چوارچێوەبەندیی هەواڵ لەسەر بنەمای وتەیەکی سەرەکی بونیادنراوە، کەوا ئامرازەکانی میدیا توانایەکی زۆریان هەیە لە کورتکردنەوەی ڕووداوەکان و پێشکەشکردنی بە جەماوەر، لەمیانی چوارچێوەگەلی دیاریکراو کە هەڵگری واتا و بیرۆکەیە، بەمەش یارمەتیی جەماوەر دەدات لە تێگەیشتن و شکردنەوەی ڕووداوە ئاڵۆزەکان.

چوارچێوەبەندیی هەواڵ، پرۆسەیەکی کارلێکییە لە نێوان پێکهاتەکانی پرۆسەی میدیایی بە ئامانجی دەرخستنی هەندێک لایەن لە پرسە خراوەڕووەکەدا و، پشتگوێخستنی هەندێ لایەنی دیکە، بە جۆرێک لەگەڵ ئایدیای میدیاکارەکاندا بگونجێت بە ئامانجی لێکدانەوەی ڕووداوەکان و، دیاریکردنی کێشەکان و گەڕان بەدوای چارەسەر و، لەچوارچێودانی کە لەگەڵ سیاسەتی هەواڵسازیی دامەزراوە میدیاییەکە بگونجێت (ال موسى، ٢٠١٩، ٢٨٣).

چوارچێوەبەندیی هەواڵ بۆ پرسێک، هەڵبژاردنێکی مەبەستدارە بۆ هەندێک لایەنی ڕووداو یان پرسەکە و وای لێ بکرێت لە دەقە میدیاییەکە زۆر دیاربێت، و بەکارهێنانی شێوازێکی دیاریکراو لە وەسفکردنی کێشەکە و دیاریکردنی هۆکارەکانی و هەڵسەنگاندنی ڕەهەندەکانی و خستنەڕووەی چارەسەر پێشبینیکراو لەبارەیەوە (خضر، ٢٠٠١، ٦٢).

یان هەڵبژاردن و تەرکیز و بەکارهێنانی ڕەگەزەکانە لە دەقی میدیایی بۆ دروستکردنی پاساو یان سەلماندنێک لەبارەی کێشەکان و هۆکارەکانی و هەڵسەنگاندنی و چارەسەرییەکانی بە جۆرێک لەچێوەدانی بابەتێک لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی هەندێک لایەنی ڕاستی درکپێکراوە و زەقکردنەوەی لەمیانی میکانیزمەکانی هەڵبژاردن وەک بەکارهێنانی وشەگەلی دیاریکراو یان دەربڕین و وێنەگەلی دەقگرتووی دیاریکراو (عبدالرازق، ٢٠٠٤، ٨٩).

٢-١-٣- گریمانەکانی تیۆرەکە

گریمانەی سەرەکیی تیۆرەکە ئەوەیە (بکير، ٢٠١٨، ٩٣):

١- ڕووداوەکان مانایەکی دیاریکراو لەخۆیاندا لەخۆناگرن، بەڵکو ماناکەی لەمیانی دانانی لە چوارچێوەدا دەردەکەوێت کە دەستنیشانیدەکات و ڕێکیدەخات و کەمێک دەیگونجێنێت، لەمیانی تەرکیزکردن لەسەر هەندێک لایەنی بابەتەکە و پشتگوێخستنی هەندێک لایەنی دیکە.

٢- چوارچێوەبەندیی هەواڵ لایەنەکانی پرسەکە دیاریدەکات و مانایەکی دیاریکراوی پێدەبەخشێت، بە جۆرێک لای جەماوەر ئاماژە و گرنگیی هەبێت، هەروەها دەروازە یان گۆشەیان بۆ دیاریدەکات لێیەوە هەواڵەکە ببینن، ئامرازەکانی میدیا کاریگەریی ئاماژەداریان هەیە لە پێکهێنانی زانینەکانی ڕای گشتی و ئاراستەکانی بەرەو پرسە جیاوازەکان لە ماوەیەکی دیاریکراودا.

٣-١-٣- ئاڕاستە هاوچەرخەکانی تیۆرەکە:

١- توێژەر دیترام شویفڵ Dietram Scheufele نموونەی چوارچێوەبەندیی گەشەپێدا، لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی چوار پرۆسەی سەرەکی کە بریتین لە: بونیادنانی چوارچێوە، دانانی چوارچێوە، ئاستی تاکەکەسی بۆ چوارچێوەدانان هەروەها فیدباکی جەماوە بۆ میدیاکار. پاشان نموونەیەکی پێشکەوتووتری دانا، کە بۆ "ئینپوت" و "ئاوتپوت" دابەشدەبن؛ یەکەمیان، ئەو فشارانە لەخۆدەگرێت کە ڕووبەڕووی ئەو ئامرازە میدیایی و ئایدیۆلۆژییە دەبێتەوە کە پشتیوانی دەکات و ئاڕاستەکانی و کاریگەریی دەستەبژێر، پاشان پرۆسەی بونیادنانی چوارچێوەکان و دانانی و پەیوەندیی نێوان چوارچێوە تاکی و میدیاییەکان. دووەمیان، چوارچێوە میدیاییەکان لەسەر ئاستی جەماوەر لەخۆدەگرێت (Scheufele ,1999, p.103).

٢- توێژەران گریمانەی بوونی هۆکارگەلی نێوەندیاری گرنگیان کرد، کە کاریگەری دەنوێنێت لەسەر ڕادەی بەدەنگەوەهاتنی ئەوەی پێشکەشیان دەکریت، لەوانە: بایەخی دەروونیی بابەتەکە لای وەرگر، ڕادەی پەیوەستبوونی بە بابەتەکەوە، پێدانی سەنگی ڕێژەیی بیروباوەڕگەلی دیاریکراو لە هزری تاک.

٣- لێکۆڵینەوەی ڕادەی کاریگەریی "ڕاستگۆیی سەرچاوە" لەسەر درککردنی جەماوەر بۆ چوارچێوەبەندیی هەواڵ.

٤- بانگەشەی ئەوە دەکرێت تیۆرەکە تەنها چوارچێوەیەکی تیۆریی بێت و ئەمانە ڕەچاوبکات: ئەو چێوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کە تیایدا چوارچێوەی هەواڵ پێکدێت، وێڕای ئەنجامە سیاسی و کۆمەڵایەتییە درێژخایەنەکان کە لە ڕێگەی ئامرازەکانی میدیاوە فێریاندەبین.

٥- چوارچێوە و نموونە یەکلەدواییەکەکان Cascade Model: ئەم نموونەیە گریمانە دەکات کە لێکدانەوە جیاوازەکانی هەر ڕووداو یان پرسێک، لە بەڕێوەبەرایەتیی سیاسی و سەرکردەکانی دیکە سەرچاوەدەگرێت لەوانیش بۆ میدیاکاران ئینجا بۆ گشتی (مصطفی، ٢٠٠٩، ٦٧).

٦- شیکردنەوەی ڕەخنەگرانە بۆ توێژینەوەکانی چوارچێوەبەندیی هەواڵ لە دەیەی یەکەمی ئەم سەدەیە، ئاماژە دەکەن بە پێویستیی بایەخدان بە پەیوەستکردنی قووڵی تیۆری بۆ گۆڕاوە کاریگەرەکان لە پرۆسەی بونیادنانی چوارچێوەبەندیی هەواڵ، بە تایبەتی ئەو گۆڕاوانەی تایبەتن بە خاوەندارێتی و کاریگەریی دەستەبژێری سیاسی و، دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و کۆمەڵەکانی فشار و بەرژەوەندی. لەگەڵ گرنگیی قووڵبوونەوەی ئاگاییی توێژەران لە چاودێریکردنی کاریگەرییەکانی ئەو گۆڕاوانە لە پرۆسەی بونیادنانی چوارچێوەبەندیی هەواڵ، بەوپێیەی لە بەهای میتۆدییە، کە وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە: کێ چوارچێوە هەواڵییەکان دادەنێت و پێکیاندەهێنێت؟ هەروەها یەکلاکردنەوەی ئەو مشتومڕەی لەبارەی ئەوەی تیۆرەکە چوارچێوەیەکی لیکدانەوەیی تەواو و دەگمەنە، یان نوێنەرایەتیی ئاستی دووەمی کاریگەرییەکانی دانانی کارنامە دەکات، واتە ئەو ئاستەی کە جەخت لەسەر پێوانی کاریگەرییەکانی پرسە میدیاییەکان دەکات لە پێکهێنانی زانینەکانی ڕای گشتی و ئاراستەکانی بەرەو پرسە گرنگەکانی کۆمەڵگا، لەگەڵ پەرەپێدانی نموونە و ڕێوشوێنە پێوەرییەکان بۆ پوختکردنەوەی چوارچێوە هەواڵییەکان و چاودێریکردنی کاریگەرییەکانی لە ڕای گشتی بە تایبەتی لە ماوەی قەیرانەکاندا (رضا، صلاح الدین، شاهین، ٢٠١١، ١١٢).

٣-٢- میتۆدی بەکارهاتوو

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفییە، تیایدا میتۆدی ڕووپێوی بەکارهاتووە، بە پشتبەستن بە شێوازی شیکردنەوەی ناوەڕۆک.

٣-٣- کۆکردنەوەی داتا

توێژەر ئەم ئامرازانەی خوارەوەی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان:

١- شیکردنەوەی ناوەڕۆک: بە ئامانجی وەسفکرنی ناوەڕۆکی دیار و شاراوەی هەواڵەکان لە سایتی NRT، لە ڕێگەی دانانی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک لەبەر ڕۆشنایی ئامانج و پرسیارەکانی توێژینەوە.

٢- تێبینیکردن: بۆ دیاریکردنی گرنگترین ئەو ناوەڕۆک و پرس و بابەتانەی زۆرترین پانتایی لە هەواڵەکانی سایتی NRT داگیرکردووە، توێژەر پشتی بە تێبینی و بەدواداچوونی ڕۆژانەی هەواڵەکانی سایتەکە بەستووە.

٣-٤- شیکردنەوەی داتا

لەم توێژینەوەیە دوو یەکەی شیکردنەوە دیاریکراون، ئەوانیش:

١- یەکەی بابەتە هەواڵییەکان: لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لەو هەواڵە سیاسییانەی لە سایتی NRT سەبارەت بە پرس و پێشهاتەکانی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان بڵاوکراونەتەوە.

٢- یەکەی بابەت (بیرۆکە): بە واتای هەر بابەتێک باس لە پرسی سیاسی و ڕووداوەکانی پەیوەست بە پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بکات.

لەم توێژینەوەیەدا توێژەکانی شیکردنەوە بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەشدەبن:

١- توێژەکانی شیکردنەوەی گوتار: پەیوەستن بە دیاریکردنی (هێزە مەرجەعی و هێزە کاراکان لە گوتاری سیاسیی سایتی NRT)دا.

٢- توێژی ڕەهەندەکانی گوتار: پەیوەستن بە دیاریکردنی (چوارچێوەی هەواڵی بەکارهاتوو لە سایتی NRT)دا.

٤- تاوتوێ و شیکردنەوەی داتاکان و ئەنجامگیریی توێژینەوەکە

٤-١- ناساندنی نموونەی توێژینەوە

سایتی NRT سایتێکی ئەلیکترۆنیی هەواڵییە، بە شێوەیەکی سەرەکی گرنگی بە هەواڵەکانی کوردستان دەدات و، ناوەڕۆکەکەی بە زمانەکانی کوردی و عەربی و ئینگلیزی بڵاودەکاتەوە. لە کارکردنیدا پشت بە ژمارەیەک لە هەواڵسازان و پەیامنێرانی خۆی دەبەستێت. سایتێکی ڕەخنەئامێزە و کار لەسەر پرسە گرنگەکانی ناو حکومەت و دەسەڵات دەکات.

سایتەکە سەر بە دامەزراوەی میدیایی نالیایە، کە لە ساڵی ٢٠١٠ دامەزراوە، سەرچاوەی داراییەکەی لەلایەن کۆمپانیای وەبەرهێنانی نالیاوە دابیندەکرێت. خاوەنەکەی شاسوار عەبدولواحیدە، کە لە ساڵی ٢٠١٨ حزبێکی سیاسی بە ناوی "جووڵانەوەی نەوەی نوێ" ڕاگەیاند و بەشداری لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق کرد، بەوپێیەی ئەم سایتە چالاکییەکانی ئەو جووڵانەوەیە و گرنگی بە پەیامەکانی دەدات، بۆیە بە لایەنگیریکردن بۆ ئەو هێزە سیاسییە دەناسێنرێت.

٤-٢- دەرخستنی خشتە و ئەنجامەکان

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە سایتە هەواڵییەکان لە هەرێمی کوردستان و سایتی NRT وەک نموونەی توێژینەوە دەستنیشانکراوە، لەبەرئەوەی سایتێکی هەواڵییە و گرنگیی زۆر بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی سیاسی دەدات و لە ڕیزەکانی پێشەوەی سایتەکان دێت لە ڕووی ژمارەی سەردانەوە. نموونەی توێژینەوەکەش لە ماوەی نێوان ٢٠٢١/١١/١ تا ٢٠٢٢/١٠/٣١ لە ڕێگەی کۆگیری (حصر شامل)ەوە (٤٣٥) هەواڵی سیاسیی کوردستانی لە سایتەکە شیکارکراوە.

**خشتەی ١-١ چوارچێوەی هەواڵی بەکارهاتوو لە سایتی NRT**

| چوارچێوەی هەواڵ | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەند |
|---|---|---|---|
| بەرپرسیارێتی | ٣٢١ | ٣٨.٤٤٪ | یەکەم |
| ململانێ | ٢٦٣ | ٣١.٤٩٪ | دووەم |
| بەراوردکاری | ٩٩ | ١١.٨٥٪ | سێیەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەنجامە ئابوورییەکان | ٦٦ | ٧.٩٪ | چوارەم |
| مووچە | ٥٠ | ٥.٩٨٪ | پێنجەم |
| چاکسازی | ٢٧ | ٣.٢٣٪ | شەشەم |
| دووئیدارەیی | ٩ | ١.٠٧٪ | حەوتەم |
| کۆی گشتی | ٨٣٥ | ١٠٠٪ | |

لەم خشتەیەدا چوارچێوەی هەواڵی بەکارهاتوو لە نموونەی توێژینەوە خراوەتەڕوو، "بەرپرسیارێتی" لە ڕیزبەندی یەکەم بە ڕێژەی (٣٨.٤٤٪) دێت، بە دوو جۆر لە نموونەی توێژینەوە ڕەنگیداوەتەوە، یان لە ڕێگەی هێزە کاراکانەوە زۆرترین بەرپرسیارێتیی دۆخی سیاسی و ئابووری و خزمەتگوزاری لە هەرێمی کوردستاندا، خستۆتەئەستۆی دەسەڵات، یان ئەو هێزانە بەرپرسیارێتیی دۆخەکە دەخەنە ئەستۆی یەکتر.

لە ڕیزبەندی دووەم "ململانێ" بە ڕێژەی (٣١.٤٩٪) دێت، نموونەی توێژینەوەکە ئەم ململانێیانەی لە بەرژەوەندیی ئەجێندا میدیاییەکەی خۆی بەکارخستووە.

لە ڕیزبەندی سێیەم "بەراوردکاری" بە ڕێژەی (١١.٨٥٪) دێت، نموونەی توێژینەوە بەراوردی ئەدای سیاسی و ئیداریی دامودەزگاکانی حکوومەت و (پارتی و یەکێتی) لەگەڵ بانگەشە و کارەکانی "جووڵانەوەی نەوەی نوێ" کردووە، هەروەها بەراوردکردنی دۆخی سیاسی و ئابووریی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا.

لە ڕیزبەندی چوارەمدا "ئەنجامە ئابوورییەکان" بە ڕێژەی (٧.٩٪) دێت، لە نموونەی توێژینەوە گۆشەنیگا نەرێنییەکانی ئەم چێوەیە کراوەتە پێوەری هەڵسەنگاندن. لە ڕیزبەندی پێنجەم "مووچە" بە ڕێژەی (٥.٩٨٪) دێت، ئەم چێوەیە بەکارهێنراوە، بۆ ڕەخنەگرتن لە دواکەوتنی پێدان و میکانیزمی دابەشکردنی لەلایەن حکوومەتەوە. لە ڕیزبەندی شەشەم "چاکسازی" بە ڕێژەی (٣.٢٣٪) دێت، نموونەی توێژینەوە دەیەوێت وەرگر قایلبکات، کە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان ئەو دروشمی چاکسازییەی ڕایگەیاندووە پێی جێبەجێناکرێت. لە دوا ڕیزبەندا "دووئیدارەیی" بە ڕێژەی (١.٠٧٪) دێت، نموونەی توێژینەوەکە ئۆباڵی لێکەوتە خراپەکانی خستۆتە

ئەستۆی (پارتی و یەکێتی) کە هەرێمی کوردستانیان بە ناڕاگەیەندراوی بەسەر دوو زۆن دابەشکردووە.

**خشتەی ٢-١ هێزە مەرجەعییەکان لە هەواڵەکانی سایتی ئێن ئاڕ تی**

| هێزە مەرجەعییەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەند |
|---|---|---|---|
| پەرلەمان | ١٤٦ | ٪٢٠.٢٧ | یەکەم |
| یاسا | ١٢٥ | ٪١٧.٣٦ | دووەم |
| بنەماکانی دیموکراسی | ١١٦ | ٪١٦.١١ | سێیەم |
| سەروەریی وڵات | ٧٧ | ٪١٠.٦٩ | چوارەم |
| دەستوور | ٦٩ | ٪٩.٥٨ | پێنجەم |
| ئازادییە گشتییەکان | ٦٢ | ٪٨.٦١ | شەشەم |
| ڕای گشتی | ٥٩ | ٪٨.١٩ | حەوتەم |
| بنەماکانی مافی مرۆڤ | ٥٧ | ٪٧.٩١ | هەشتەم |
| هۆز و مەرجەع | ٩ | ٪١.٢٥ | نۆیەم |
| کۆی گشتی | ٧٢٠ | ٪١٠٠ | |

لەم خشتەیەدا هێزە مەرجەعییەکان لە گوتاری نموونەی توێژینەوە دەخاتەڕوو، لە ڕیزبەندی یەکەمدا "پەرلەمان" بە ڕێژەی (٪٢٠.٢٧) دێت. بەوپێیەی لایەنی پشتیوانی ئەم سایتە قورساییە سیاسییەکەی خستۆتە ئەوێ، بۆیە لە گوتاری سایتەکەشدا ڕەنگی داوەتەوە.

لە ڕیزبەندی دووەمدا مەرجەعی "یاسا" بە ڕێژەی (٪١٧.٣٦) دێت، لە ماوەی وەرگرتنی نموونەی توێژینەوەکە کۆمەڵێک پرسی پەیوەست بە یاساسەروەری و پێشێلکردنی لە هەرێمی کوردستاندا لەئارادابوون، بۆیە گرنگیی زۆر بەم مەرجەعە دراوە، کە حکومڕانانان لە هەرێمی کوردستان هۆکار یان کەمتەرخەم بوونە لەئاست جێبەجێکردن و پێشێلکردنی یاسا بەرکارەکان.

لە ڕیزبەندی سێیەمدا مەرجەعی "بنەماکانی دیموکراسی" بە ڕێژەی (٪١٦.١١) دێت، پشتبەستن بەم مەرجەعە، ڕەنگە لەبەرئەوە بێت پێیوابێت بەهۆیەوە دەتوانێت فشار لەسەر دەسەڵاتداران لە هەرێمی کوردستان دروستبکات و بیانخاتە هەڵوێستی بەرپرسیارانەوە، لە ئاست ئەو کارانەی کە نموونەی توێژینەوە بە پێشێلکاریی ئەو بنەمایانە وەسفی کردوون.

لە ڕیزبەندی چوارەمدا "سەروەریی وڵات" بە ڕێژەی (١٠.٦٩٪) دێت، لە ماوەی توێژینەوەکە چەندان هێرش لە لایەن وڵاتانی دراوسێوە کرانە سەر هەرێمی کوردستان، بۆ ناساندنی کردەوەکان وەک دوژمنکارانە و نایاساییانە.

لە ڕیزبەندی پێنجەمدا "دەستوور" بە ڕێژەی (٩.٥٨٪) دێت، لە ڕوومالّکردنی بەشێک لەو ڕووداوانەی لە ماوەی توێژینەوەکە ڕوویاندا. دەستوور بە مەرجەع بۆ یەکلاکەرەوەی ناکۆکییەکان دەناسێنرا، بەڵام نموونەی توێژینەوە نەچووەتە ناو وردەکاریی ئەوەی ئەم مەرجەعە تا چەند وەک خۆی پەیڕەوکراوە و کێن ئەوانەی زۆرترین جار دەستووریان پێشێلکردووە.

لە ڕیزبەندی شەشەمدا "ئازادییە گشتییەکان" بە ڕێژەی (٨.٦١٪) دێت، لە ماوەی توێژینەوەکە، زنجیرەیەک خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدران و کۆمەڵێک کەس دەستگیرکران، لە ڕوانگەی گوتاری سیاسیی لایەنی پشتیوانیی، ئەم مەرجەعە لە گوتارە میدیاییەکەدا ڕەنگیداوەتەوە و بە پێشێلکردنی ئازادییە گشتییەکان وەسفکراوە.

لە ڕیزبەندی حەوتەمدا "ڕای گشتی" بە ڕێژەی (٨.١٩٪) دێت، پشتبەستنی نموونەی توێژینەوە بەم مەرجەعە، لەگەڵ گوتاری سیاسیی لایەنی پشتیوانیی سایتەکە یەک دەگرێتەوە، کە هانی خەڵک دەدات بۆ یەکدەنگی و خۆپیشاندان و فشار دروستکردن لە دژی دەسەڵات.

لە ڕیزبەندی هەشتەمدا "بنەماکانی مافی مرۆڤ" بە ڕێژەی (٧.٩١٪) دێت، نموونەی توێژینەوەکە ئەو ڕووداوانەی ڕوومالّکردووە کە ئاماژەن بۆ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن دەسەڵاتەوە.

لە ڕیزبەندی نۆیەمدا "هۆز و مەرجەع" دێت بە ڕێژەی (١.٢٥٪)، نموونەی توێژینەوەکە ئەم مەرجەعەی لە ڕوانگە سیاسییەکەوە تەوزیف کردووە، بۆ پەلارگرتن لە (پارتی و یەکێتی) بەوەی حزبی بنەماڵەیین و، کۆی جومگە سیاسی و ئابوورییەکانیان لەناو کۆمەڵگەدا بۆ بنەماڵەکانیان قۆرخکردووە.

**خشتەی ٣-١ هێزە کاراکان لە گوتاری سایتی ئێن ئاڕ تی**

| هێزە کاراکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەند |
|---|---|---|---|
| پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم | ٢١٨ | ٪٢٣.٤٩ | یەکەم |
| کەسایەتی و پێکهاتە و لایەنە سیاسی و جەماوەرییەکان | ١٩٠ | ٪٢٠.٤٧ | دووەم |
| کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی | ١٢٥ | ٪١٣.٤٦ | سێیەم |
| پەرلەمان و حکوومەتی فیدراڵ | ١١٨ | ٪١٢.٧ | چوارەم |
| دادگا | ٧٨ | ٪٨.٤ | پێنجەم |
| هێزە ئەمنییەکان | ٧٨ | ٪٨.٤ | پێنجەم |
| وڵاتانی هەرێمایەتی | ٧٧ | ٪٨.٢٩ | شەشەم |
| پێشمەرگە | ٤٤ | ٪٤.٧٤ | حەوتەم |
| کۆی گشتی | ٩٢٨ | ٪١٠٠ | |

لەم خشتەیەدا هێزە کاراکان لە گوتاری نموونەی توێژینەوە دەخاتە ڕوو، نموونەی توێژینەوە بە پلەی یەکەم جەختی لەسەر "پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم" کردۆتەوە، کە بە ڕێژەی (٪٢٣.٤٩) هاتووە، لە نموونەی توێژینەوەکە هەریەک لەم دووەم دوو هێزە کارایە بە شێوەی جیاواز ڕۆڵیان پێ دراوە، سەبارەت بە "حکوومەتی هەرێم"، زیاتر بۆ نیشاندانی کەمتەرخەمی و پێشێلکارییە یاساییەکانی ئەم دامەزراوەیە و کاراکتەرە دیارەکانی بووە. سەبارەت بە "پەرلەمانی کوردستان"یش، زۆرترین ڕۆڵبینینەکان بە پەرلەمانتارانی لایەنی پشتیوانیی سایتەکە دراوە، کە بەردەوام ڕەخنەیان لە حکوومەت و حزبە پێکهێنەرەکانی و، تەنانەت شێواز و ڕەوتی کاری سەرۆکایەتیی پەرلەمانیش گرتووە.

لە ڕیزبەندی دووەمدا "کەسایەتی و پێکهاتە و لایەنە سیاسی و جەماوەرییەکان" بە ڕێژەی (٪٢٠.٤٧) دێن، نموونەی توێژینەوە جەختی لەسەر ئەو لێدوانانە کردۆتەوە، کە مۆرکی ڕەخنەگرتن لە دۆخی سیاسی و ئابووری و مافی مرۆڤ و خزمەتگوزاریی لە هەرێم پێوە دیارە.

لە ڕیزبەندی سێیەمدا "کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی" بە ڕێژەی (٪١٣.٤٦) دێت، لە ماوەی توێژینەوەکە هەندێک پرسی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان هەبوون کە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان و کونسوڵخانەی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان تەنانەت دیپلۆماتکارانی پلە باڵای

وڵاتانیش، لە ئاستیاندا هەڵوێستیان هەبووە، بەوپێیەی ئەم هەڵوێستانە ڕەخنەگرتن بووە لە پرۆسەی سیاسی و حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان.

لە ڕیزبەندی چوارەمدا "پەرلەمان و حکوومەتی فیدراڵ" دێت بە ڕێژەی (١٢.٧٪)، لە ماوەی نموونەی توێژینەوە ململانێی گەرمی سیاسی لە نێوان هێزە سیاسییە براوەکانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عیراقدا هەبوو، ئەو ڕۆڵانەی بەم دوو هێزە کارایە دراوە، خۆی لە هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکوومەتی عێراق و دیاریکردنی سەرۆککۆمار دەبینێتەوە، هەروەها تاوتوێکردنی پرسە دەستوورییەکان و ئەو ناکۆکی و مشتومڕانەی بەهۆیەوە لێی کەتۆتەوە.

لە ڕیزبەندی پێنجەمدا هێزی کارای "دادگا" بە ڕێژەی (٨.٤٪) دێت، لە نموونەی توێژینەوە بە دوو شێوە خراوەتەڕوو: ڕۆڵی لە سزادانی چالاکوانانی مەدەنی و ڕۆژنامەنووسان، هەروەها ئەو بڕیارانەی کە دادگای فیدڕالی لە ئاست هەرێمی کوردستان داونێتی، لە یەکەمیاندا ڕۆڵی بە نەرێنی تەوزیفکردووە بەوەی "بەسیاسیکراوە". لە دووەمیاندا، بە ئەرێنی ڕۆڵی پێداوە، بەوپێیەی بەشێک لەو بڕیارانە لە ئەنجامی سکاڵای کاراکتەرەکانی "جووڵانەوەی نەوەی نوێ" بووە.

لە هەمان ڕیزبەنددا "هێزە ئەمنییەکان" دێت بە هەمان ڕێژە، نموونەی توێژینەوەکە لە هەندێک چێوەدا بەرگێکی نیشتمانییانەی وەبەر هێزە ئەمنییەکاندا کردووە، هەندێجار ڕۆڵی نەرێنی پێ داوە بەتایبەتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ خۆپیشاندەران.

لە ڕیزبەندی شەشەمدا "وڵاتانی هەرێمایەتی" دێت بە ڕێژەی (٨.٢٩٪)، لە ماوەی توێژینەوەکە زنجیرەیەک هێرشی سەربازی لەلایەن وڵاتانی هەرێمییەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان کران، ئەمە وای کرد ئەم هێزە کارایە بەم ڕێژەیە ئامادەیی هەبێت.

لە دوا ڕیزبەنددا "پێشمەرگە" دێت بە ڕێژەی (٨.٤٪)، نموونەی توێژینەوە وای پیشاندەدات بێنیازیی لەئارادایە لەوەی هێزی پێشمەرگە یەکبخرێت و بەنیشتمانییبکرێت، دۆخی ئیداریی پێشمەرگەشی بە نەرێنی وەسفکردووە.

٥- ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

توێژینەوەکەمان کە لەبارەی ڕەنگدانەوەی گوتاری سیاسی لە میدیای نوێدایە، تیایدا هەواڵەکانی سایتی NRT شیکارکراون، بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

١- هەواڵەکانی سایتی NRT لە ڕێگەی دانانی پرس و ڕووداوەکانی هەرێم لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتی، ململانێ و دەرەنجامە ئابوورییەکان، هەوڵیداوە مانا و مەغزایەکی نەرێنی بەبەریاندا بکات.

٢- ئەو هێزە مەرجەعییانەی لە هەواڵی سایتی NRT زەقکراونەتەوە، بە ئاڕاستەی ڕەخنەگرتن لە دوو هێزی حکومڕان و ئەزموونی خۆبەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان بەکارهێنراوە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە لاوازکردنی ڕۆڵی پەرلەمان و یاساسەروەری و بنەماکانی دیموکراسیەت.

٣- هێزە کاراکان لە هەواڵی سایتی NRT لەسەر هەموو ئاستە جیاوازەکانی ناوخۆیی، عێراقی، هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی دەردەکەون، ئەمەش بەهۆی سروشتی ئەو پرس و ڕووداوانەی بە هەرێمی کوردستانەوە پەیوەستن، جیا لەوەی هەرێمی کوردستان لە زۆر قۆناغدا بووەتە گۆڕەپانێکی کراوە بۆ دەستوەردان و هەژموونی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی.

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم: پەرتووک:**


- الیاس فرح، *تطورالايدولوجية العربية الثورية* (٢٠٠٩)، ط٧، بغداد، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٧٩.

- حبيب كركوكي (٢٠٠٦)، *الخطاب السياسي في القنوات الفضائية الكوردية*، كركوك، مطبعة ارابخا.

- د. محمد بن مسعود البشر (٢٠٠٨)، *مقدمة في الاتصال السياسي*، ط٢، العبيكان للنشر- السعودية.


**دووەم: کۆنفرانس پەیپەر:**


- عدلي ڕضا، خالد صلاح الدين، هبة شاهين (٢٠١١)، *التحليل النقدي لبحوث الاطر الاعلامية خلال العقد الاول من القرن الحادي والعشرين: دراسة تحليلية من المستوى الثاني*، في المؤتمر العلمي

السنوي السابع عشر، بحوث الاعلام في مصر في نصف قرن: الواقع واتجاهات المستقبل، كلية الاعلام، جامعة القاهرة.

**سێیەم: نامە و تێزی دکتۆرا:**

- ابراهيم سعيد فتح الله (٢٠١٢)، *الخطاب الإعلامي في الإذاعات الدولية الموجهة للكورد، دراسة تحليلية للقسم الكوردي في اذاعتي صوت امريكا وصوت روسيا*، اطروحة الدكتوراه، جامعة السليمانية، سكول العلوم الانسانية.

- اماني رضا عبدالمقصود مصطفى، *معالجة القضايا السياسية الداخلية في المضمون الاخباري بالقنوات الفضائية العربية الرسمية والمعارضة*، رسالة ماجستير غير منشورة، القاهرة، كلية الاعلام، جامعة القاهرة.

- د. جيهان احمد رشتي (١٩٧٥)، *الاسس العلمية للنظريات الاعلام*، ط٢، القاهرة، دار الفكر العربي.

- جيلان محمود عبدالرازق (٢٠٠٤)، *اساليب تغطية القضايا في برامج الرأي المذاعة على الهواء Talk Show في القنوات الفضائية العربية*، رسالة ماجستير غير منشورة، القاهرة، كلية الاعلام، جامعة القاهرة.

- جليل وادي حمود (٢٠٠٠)، *الخطاب الاعلامي وادارة الازمة السياسية (١٩٩١-١٩٩٨)*، اطروحة دكتوراه، جامعة بغداد، كلية اداب، قسم الاعلام.

- نيرمين زكريا اسماعيل خضر (٢٠٠١)، *صورة الولايات المتحدة الامريكية لدى الجمهور المصري، دراسة على عينة من سكان محافظة القاهرة الكبرى*، رسالة ماجستير غير منشورة، القاهرة، كلية الاعلام، جامعة القاهرة.

**چوارەم: توێژینەوە زانستییەکان:**

- براءة بنت حمد ال موسى (٢٠١٩)، *اطر المعالجة الاخبارية لموضوعات الجريمة في الصحف السعودية الورقية والالكترونية -دراسة تحليلية مقارنة بين صحيفتي عكاظ الورقية وسبق*

*الالكترونية*، المجلة العربية للاعلام والاتصال، جامعة الملك سعود، الجمعية السعودية للاعلام والاتصال، العدد٢١.

- محمد عبده بكير (٢٠١٨)، *اطر المعالجة الاعلامية للقضايا المجتمعية بالقصص الخبرية المذاعة في النشرات والبرامج الاخبارية*، دراسة مقارنة بين الفضائيات المصرية والسعودية، المجلة المصرية لبحوث الرأي العام، جامعة القاهرة، كلية الاعلام، مركز بحوث الرأي العام، العدد٢، المجلد ١٧.

- ميرال مصطفى عبدالفتاح (٢٠١٧)، *الخطاب الإعلامي للمواقع الإلكترونية للقنوات الإخبارية الدولية في تغطية الانتخابات البرلمانية المصرية*، المجلة المصرية لبحوث الرأي العام، المجلد ١٦، العدد ١، جامعة القاهرة كلية الإعلام مركز بحوث الرأي العام.

- عبدالعليم محمد (١٩٨٥)، *ملاحظات نقدية حول دراسة الخطاب السياسي*، مجلة المنار، باريس، العدد (٧)، السنة الاولى.

- د. رباب عبدالمنعم التلاوي (٢٠١٨)، *تحليل أخلاقيات الخطاب الإعلامى فى المواقع الإخبارية الإلكترونية*، دراسة فى إطار نظرية أخلاقيات الخطاب، المجلة العلمية لبحوث الصحافة، المجلد ٢٠١٨، العدد ١٤، ج١.

**پێنجەم: سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

- Dietram Scheufele (1999). *Framing as a Theory of Media Effects*, Journal of Communication, Vol.49, No.1, P.103.

ملخص الدراسة

تهدف هذه الدراسة الى تحديد الأطر والقوى المرجعية والقوى الفاعلة التي استخدمت في الخطاب السياسي للإعلام الكوردي الجديد لوصف القضايا والأحداث السياسية. هذه الدراسة وصفية وتم استخدام منهج المسحي واعتمدت طريقة تحليل المضمون. يتكون مجتمع الدراسة المواقع الالكترونية الخبرية وموقع الالكتروني *NRT* انموذجا، وتم تحليل لـ(٤٣٥) خبرا سياسيا في الموقع المذكور لمدة سنة كاملة وذلك من (٢٠٢١/١١/١ الى ٢٠٢٢/١٠/٣١). توصلت الدراسة الى عدة إستنتاجات، أهمها أن غالبية الأطر المستخدمة في الموقع هي المسؤولية، الصراع، الاستنتاجات الاقتصادية حول القضايا و الاحداث في إقليم كوردستان، نحو النقد للقوتين الرئيسيتين الحاكمتين، وتجربة الادارة الذاتية في الإقليم.

الكلمات الافتتاحية: الخطاب السياسي، الخبر، الإعلام الجديد